کاروان عومەر کاکەسوور:

نووسەرە داهێنەرەکان ئەوانەن کە ڕێگەیان داوە ئازار لە جیاتی خۆیان بدوێ.. ئەدەبی کوردییش زۆر کەم بەدوای نادیاردا گەڕاوە.

ئا: د. هاوژین سلێوە
(کۆیە)

کاروان عومەر کاکە سوور، دەنگێکی دیاری دنیای ئەدەبیاتی کوردییە، سەرەتا بە چیرۆک دەستی بە نووسین کرد، دواتر ڕووی کردە ڕۆمان نووسین، تا ئێستا هەشت ڕۆمانی بڵاو کراوەی هەیە، لەو ماوەیەدا دوو ڕۆمانی دیکەی بڵاو کردەوە، لە نووسینە بەراییەکانی هەست بە هونەر و جوانکاری و جۆرە ئەزموونێکی تایبەتی ئەو دەکرێ، ئەزموون بەو مانایەی لە ڕووی هونەریی و پێکهاتە و تەکنیکەوە لە ئاستێکی بەرزدان، هەر ئەوەشی لێ چاوەڕوان دەکرێ کە بەردەوام ئەزموونەکەی هەڵبکشێت، ئەگەرچی لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور ئیشیان لەسەر کراوە و چەندان نامە و تێزی ئەکادیمی لەبارەیانەوە نووسراون، بەڵام دنیای ئەو نووسەرە فراوانە، دەکرێ لە زۆر ڕووی دیکەوە قسەیان لە بارەوە بکرێ و وردتر بچینە نێو ناواخن و پێکهاتەی ڕۆمانەکانی، چونکە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەیە و بە دیدێکی ڕەخنەگرانە و بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش نووسراون.

بێگومان سازدانی دیمانە لەگەڵی بە چوار پێنج پرسیار کۆتایی نایەت، بەڵکوو دەبێ بۆ چوونە نێو جیهانی ئەو ڕۆماننووسە کتێبی چەند سەد لاپەڕەیی بنووسرێ، بەڵام لێرە، لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە تیشک دەخەینە سەر ڕۆمانێکی مێردمندالانەی و چەند پرسیارێکی ئاراستە دەکەین، لەبەر ئەوەی ڕۆمانی مێردمندالان لە نێو ئەدەبی کوردیدا ئەوەندە بایەخی پێ نەدراوە، لەپاڵ ئەو ڕۆمانەی کاروان عومەر کاکەسوور، (عەزیزی مەلای ڕەش)یش ڕۆمانی (بۆرە)ی نووسیوە، ڕەنگە یەک دوو دانەی دیکەش هەبن کە من نەمبینیبن، بۆیە بە پێویستم زانی لەم ڕووەوە لە ڕێی چەند پرسیارێکەوە بیدوێنم، پرسیارەکانم ڕووبەڕوو لێ نەکردووە تا لەنێو پرسیارە وەڵامدراوەکان پرسیاری دیکە دەربهێنم و ئاراستەی بکەم، خۆشم بەو هەناسەیە پرسیارەکانم کردووە، کە وەڵامەکان بایی ئەوەندە بن لە گۆڤارێکدا بڵاویان بکەمەوە، بۆ بڵاوکردنەوەشی گۆڤاری (ڕامان)م بەشایستە زانی.

* تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی مێژدمنداڵان چییە؟

- پێویستە بەر لەوەی باس لە تایبەتمەندێتی بکەین، ئەوە بخەینە بەر چاو، کە ئەدەب هەر ئەدەبە. ئێمە کاتێ لە بەردەم تێکستێکداین، ئەوەی کارمان پێیەتی و لێی دەگەڕێین، تەنیا مانایە. ئەو مانایانەن وامان لێ دەکەن چۆنیان بخوێنینەوە و چ لێکدانەوەیەکیان بۆ بکەین. تێکست هەیە سادەیە و تێکستیش هەیە قوواڵە، بە چاوپۆشین لەوەی کێ نووسیویەتی و نووسەرەکەی سەر بە چ ڕەگەزێکە، یان تەمەنی چەندە. ئەوانەی ئێمە لە هەر تێکستێکدا بەریان دەکەوین، کۆمەڵێک ئاماژەن، کە ئەو ئاماژانە دەکرێت ببنە کلیلی کردنەوەی زۆر دەرگە، تا لێیانەوە بچینە ژوورەوە. لە پێشانگەیەکدا (ئێدگار دێگا)ی نیگارکێش بە (ستیڤان مالارمێ)ی شاعیر دەڵێت: (هەوڵم دا شیعرێک بنووسم، بەڵام لە ئەنجامەکەی ڕازی نەبووم. لەگەڵ ئەوەیشدا ئایدیای مەزنی هەبوون، کەچی نەمزانی بۆچی ئەوەم لە دەست نەهات). (مالارمێ) پێی دەڵێت: (دێگای ئازیزم، شیعر لە وشە پێک دێت، نەوەک لە ئایدیاکان). لێرەدا مەبەستی (مالارمێ) لە (وشە) ئاماژەیە. بێگومان جۆرەکانی ئەدەب (Literary Genres) هەن، بەڵام سنووری گەورەیان لەنێواندا نییە، کە هەر لە ڕۆژگاری فەلسەفەی یۆنانییەوە تا ئەمڕۆ جێگەی بایەخ بووە و ڕەخنەدۆزان ڕووبەڕووی بوونەتەوە. هەموویان لە یەک وەردەگرن و بە یەکتری دەدەن، بە ڕادەیەک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەر ژانرێک و یەکێکی تردا هەیە. ڕاستییەکەیشی ئەو چەمکە پشت بە بایۆلۆجیا دەبەستێت، کە بوونەوەر بۆ ڕەگەز، جۆر و شێوە پۆلێن دەکات. گرنگە ئەوەیە بزانین، کە تیوریستانی ئەدەب زۆر بە ترس و گومانەوە خۆیان لە قەرەی چەمکی (تیوریی جۆرەکان) دەدەن، چونکە پێیان وایە دانانی سنوور لەنێوان جۆرێک و جۆرێکی تردا سەختە، بۆیە نەیشیانتوانیوە، یان نەیانویستووە پێناسەیەکی کۆنکرێتی بۆ بکەن، تەنانەت (جیرار جینێت) دابەشکردنی جۆرەکانی ئەدەب بە کێشەیەکی سەخت دەزانێت. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو فەلسەفانەی بەگژ سێنترالێزمدا دەچنەوە، جۆرەکانی ئەدەب بایەخی گەورەتری پێ درا، بەوەی ئەوانە پێیان وایە هەر دابەشکردنێک لە لایەک سڕینەوەی کۆمەڵێک ڕەهەندە و لە لایەکی تریش دەرخستنی هەندێک ڕەگەزە لەسەر حیسابی شاردنەوەی هەندێکی تر. بە مانایەکی تر سێنترالێزمی عەقڵ، کە بە کەلەپووری (دێکارت) دادەنرێت و لە (نیتشە)وە دەکەوێتە بەر ڕەخنەی تۆند، هەمیشە دابەشکاریی هێناوەتە کایەوە، بۆیە ئەدەبیش شان بە شانی فەلسەفە هەوڵی تێکشکاندنی سێنترالێزمی داوە و بایەخی بۆ ئەو چەمکانە گەڕاندووەتەوە، کە ئەو سێنترالێزمە بەلاوەی ناون. بۆ نموونە (ڕۆڵان بارت) بە تایبەتی لە (ڕاڤەی بنیادگەرانەی گێڕانەوە)دا ڕەخنەی گەورە لەو دابەشکارییە دەگرێت و پێیوایە فرەدیدگەیی پرسیاری داهێنەرە، واتە هەمەڕەنگیی جۆرەکان وا دەکات جۆرەکانی گێڕانەوە بێ ژمار و بێ سنوور بن. بەم شێوەیە هەمەڕەنگی مانای دابەشکاری نییە و نابێت سنوور لەنێوان چیرۆک و ڕۆمان، شیعر و دراما، یان هەر ژانرێکی دیکەدا دابنرێت، کە دامودەستگەکان هەمیشە دەیانەوێت ئەوانە لە یەک جودا بکەنەوە، کەواتە بایەخدان بە ئەدەبی مێژدمنداڵان لەوەوە نایەت، کە سنوور لەنێوان ژانرەکان دادەنرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە

کردنەوەی کەناڵی تری ئەدەبییە. بێگومان ئەدەبی مێردمنداڵان هەندێک تایبەتمەندێتیی هەن، بەوەی مێردمنداڵ خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەتی بایۆلۆجی و سایکۆلۆجییە. کۆمەڵگەی کوردی پیاوی دەرخستووە و ژنی شاردووەتەوە، گەورەی هێناوەتە پێشەوە و منداڵ و لاوی بە لاوە ناون، بۆیە بەشێکی گەورەی ئەدەبی کوردی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو تێگەیشتنەوە، واتە ڕەگەزی نێر لە ڕەگەزی مێ و گەورە لە منداڵ و مێردمنداڵ پتر ئامادەییان هەیە. لێرەدا بایەخدان بە منداڵ و مێردمنداڵ مانای بەگژداچوونەوەی ئەو سێنترالیزمەیە، کە هاوکات کردنەوەی کەناڵی تر لەناو ئەدەبدا.

* بۆچی لە ئەدەبی کوردیدا زۆر گرنگی پێ نەدراوە؟

- ئەدەبی کوردی زۆر کەم بە دوای نادیاردا گەڕاوە، بەڵکو زیاتر خۆی لەو بابەتە دیارانە داوە، کە زۆرینە ناسیوینی. بەم شێوەیە چەمکە زەقەکانی وەک ئایین، نیشتمان، نەتەوە، چین و هی دیکەی لەم بابەتە ئەدەبی ئێمەیان داپۆشیوە. نووسەری کورد لە تەنیایی ترساوە و هەمیشە دڵنیایی لەو زۆرینەیە وەرگرتووە. بە مانایەکی تر، ئەو شتانەی نووسیون، کە خواستیان لەسەر بووە، بۆیە سەیر نییە ئەگەر ڕەنگی سپی، فریشتە و پاکیزە بوویێتنە ناوونیشانی بەشێکی زۆری تێکستی ئەدەبی و هونەری، بەوەی ئەوانە لای زۆرینە خۆشەویست و پیرۆزن، تەنانەت نووسەری کورد لە جەستەیشدا ئەو ئەندامانەی هەڵبژاردوون کە زەقن. لە حەفتاکاندا لە نووسەرێک دەپرسن لووتی ژن لای تۆ چ مانایەکی هەیە، ئەو دەڵێت کاتێ لووتی ژن دەبینم، لە چاوی دەڕوانم، تا بزانم ئاخۆ چاوی جوانە. بەوەدا لووت ئەندامێکی زەقی جەستە نییە و قسەی لێوە نەکراوە، ئەو ناتوانێت هیچی لەبارەوە بڵێت و ئەو ئەندامەی لە شوێن دادەنێت، کە زەقە و زۆرینە لای پەسەندە. شتێکی ئاساییە ئەگەر منداڵ و مێردمنداڵ لە ئەدەبی کوردیدا ئامادەییان کەم بێت، یان هەر نەیانبێت، بەوەی وەک پێشتر گوترا سێنترالیزمی گەورە و نێرینە وایان کردووە منداڵ و مێیینە بشاردرێنەوە. نووسەر کاتێ لەبارەی دیارەوە دەنووسێت، ئەوانە دەڵێتەوە، کە زانراون و خوێنەریش لێیان تێدەگات، بەڵام ئەگەر لەبارەی نادیارەوە بنووسێت، ئەوە پێویستی بە قوواڵبوونەوەیە، چونکە ئەو پرۆسەیە ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت خۆی واقیعێکی تر دابمەزرێنێت، واقیعێکی گریمانی، بە مانایەکی دیکە پێویستی بە کەرەستەی تر، کە ئەمە مانای وایە دەبێت زمانێکی تر و شێوازێکی تری دەربڕین دابهێنێت.

لێرەدا بەربەستێک لەنێوان نووسەر و زۆرینەدا دێتە کایەوە، چونکە ئەوەی لێرەدا زۆرینە بەری دەکەوێت، شتێکی جیاوازە لەوەی هەتا ئێستا ناسیویەتی. دەگەمە ئەوەی بڵێم دەرنەکەوتنی منداڵ و مێردمنداڵ وەک کارەکتەری دانپێدانراو لە ئەدەبی ئێمەدا بۆ ئەو تێگەیشتنە میللییە دەگەڕێتەوە، کە بۆ چەمکی کات هەیە و زاڵە. ئەو تێگەیشتنە هیراکتیکەڵە و لەسەر ئەوە دامەزراوە، کە مرۆڤی بەتەمەن دەخاتە سەرووی منداڵەوە، بگرە پێی وایە منداڵ تەنیا لە ڕێگەی گەورەوە دەتوانێت هەبێت. بەوەدا ئەدەبی کوردی بە گشتی پابەندی ئەو تێگەیشتنەیە، کارەکتەری منداڵ و مێردمنداڵ ڕووبەرێکی کەمیان بەر دەکەوێت. لە خۆم ڕادەبینم بڵێم هەر لە سەرەتاوە ئەو تێگەیشتنەم تێک شکاندووە. منداڵ و مێردمنداڵ لە دنیای منداڵ زیاتر لە گەورە بایەخیان پێ دراوە.

* ئایا حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی تا چەند خزمەتی بواری میژدمندالّی کردووە؟

- من لێرەدا چەمکی فۆلکلۆر بە مانا فرەوانەکەی وەردەگرم، کە میتۆلۆجیا، سوپەرستەیشن، ئەفسانە، نوکتە، پەند و هی تر دەگرێتەوە. هەندێکیان لە شێوەی شیعر و هەندێکیان لە شێوەی چیرۆکدان. هاوکات ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتێ و دەرخستنی ئاکامەکانی، کە لانی کەم ئەو ڕەخنەیە لە (نیتشە)وە دەست پێ دەکات، بە (هایدیگەر)دا تێدەپەڕێت و دەگاتە (فوکۆ)، (دۆلّۆز)، (دێریدا)، بگرە هەندێک ئەندامی قوتابخانەی فرانکفۆرتیش دەگرێتەوە، بە تایبەتی (هۆرکاهایمەر) و (ئەدۆرنۆ)، بایەخدان بە فۆلکلۆر زیادی کرد. بەرهەمەکانی ئەنترۆپۆلۆجیستانی وەک (جیمس فرەیزەر)، (برۆنسیلاڤ مالینۆڤسکی)، (کلود لیڤی شتراوس) و ئەوانەی تر لە لایەک و ئەوانەی سایکۆلۆجیستانی وەک (فرۆید)، (ئەدلەر)، (یۆنگ) و ئەوانەی دیکە لە لایەکی ترەوە دەرگەی گەورەیان بەسەر دنیای فۆلکلۆردا کردەوە، کە پێشتر لە ململانێی عەقڵ و ناعەقڵدا بە لاوە دەنرا و بایەخی کەم دەکرایەوە. دیارە ئەمە باسێکی چڕ و قوڵە، کە ئێمە لێرەدا بوارمان نییە بچینە ناوەوە، بەڵام هەر دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەو هەوڵانە بوونە هۆی دەرکەوتنی ئاراستەی نوێ لە ئەدەب و هونەردا، بەوەی دەستەڵاتی عەقڵ تێک شکا و دنیای خەیاڵ فرەوانتر کرا. هەر لە سەرەتاوە ئەو ئاراستە نوێیە لە بەرهەمی نووسەرانی وەک (جۆیس)، (فۆکنەر)، (ئیلیەت)، (کامو)، (سارتەر) و ئەوانەی تردا ڕەنگی دایەوە. ئەو نووسەرانە و زۆری تر بایەخیان بە میتۆلۆجیا دا و لە بەرهەمەکانیاندا ئیمپلۆیەینگیان کردن، بە ڕادەیەک ناوونیشانی زۆر لەو کارانە و ناوی کارەکتەرەکانیشیانی گرتەوە، وەک بۆ نموونە لە سەرجەم بەرهەمەکانی (جۆیس)دا دەیبینین، ئەمە زمانێکی تری سەپاند، کە جیاواز بوو لەو زمانە ڕاستەوخۆییەی پێشتر لە ئەدەبدا بە کار دەهات، بەوەی دیوێکی تری مرۆڤ ئاشکرا بوو، کە هی ناوەوەیەتی و بە نەست ناسراوە. سیمبۆل ئەو ڕەگەزەیە، کە بەشێکی گەورەی میتۆلۆجیا پێک دەهێنێت و ئاراستەی جۆراوجۆر لە کاری ئەدەبیدا دەهێنێتە دی، بەوەی بە شێوەی میتافۆر بیرۆکەکان دەردەبڕێت، بۆیە ئەو ڕەگەزە بەشداریی‌یەکی گەورەی لە نوێکردنەوەی ئەدەبدا کرد. هەر لێرەیشدا بایەخی زمان هاتە پێشێ، کە بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێک ئاراستەی نوێ لە بواری لینگویستیگدا. بەوەدا میتۆلۆجیا پێوەندیی نێوان مرۆڤ و خواوەند لە خۆی دەگرێت، کۆمەڵێک کێشەی ئێکزیستێنشەڵ (وجودی) و ئیتیکەڵ (ڕەوشتی) دەردەهاوێژێت، بۆیە چەمکی وەک خەڵق، مەرگ، ژیان، نەمری، زیندووبوونەوە و هی دیکە لە ئەدەبدا دەرکەوتن، کە نەدەکرا بەبێ گەڕانەوە بۆ بواری فەلسەفە و سایکۆلۆجیا لێیان نزیک ببێتەوە. لەو ڕێگەیەوە تێکستی ئەدەبی توانایی پەیدا کرد پێوەندیی بە تێکستی سەردەمە زووەکانەوە بکات، بەو مەبەستەی لێیان وەربگرێت و بە شێوازی تر دەریانبخاتەوە، کە ئەوە بە دەقئاوێزان (تێکستوالّیتی) ناسراوە. سەیر نییە، کە ئەدەب لە سەدەی بیستەمەوە لە فەلسەفە جودا ناکرێتەوە، وەک بۆ نموونە لە سەرجەم بەرهەمەکانی (کامو)دا دەیبینین. با بۆ پرسیارەکەی تۆ بگەڕێینەوە و ئاوای لێ بکەین: ئایا ئەدەبی کوردی سوودی لە

فۆلکلۆر وەرگرتووە؟ من پێم وایە فیکری کوردی سادەیە و بەشێکی زۆری ئەدەبی کوردی هەر خۆی فۆلکلۆرە. پێشتریش لەم ڕووەوە نووسیومە و ئەوەم دەرخستووە، کە فیکری میللی چۆن دژی هەر هەوڵێک دەوەستێتەوە، کاتێ دەیەوێت بە ئاراستەی جیاوازدا بجووڵێت. ئەو نووسەرە داهێنەرانەی دەرەوەی ئێمە لە دیدێکی فەلسەفییەوە بۆ فۆلکلۆر گەڕانەوە، بەڵام بەشێکی زۆری نووسەری ئێمە هێشتا نەیانتوانیوە لەژێر دەستەڵاتی فیکری میللی بێنە دەرێ، تا ببنە خاوەنی فیکری فەلسەفی و لەوێوە بۆ کەلەپووری کوردی و هیی دەرەوەی کوردی بڕوانن. ئەو هەوڵانەی لەم بوارەدا دراون، هێشتا پێ نەگەیشتوون، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو هەوڵانە فەرامۆش دەکەم.

* بۆ گەشەپێدانی ئەم بوارە چی بکرێت؟

- کاتێ بایەخ بە ئەدەبی منداڵان و مێردمنداڵان دەدەین، دەرگە لەسەر کۆمەڵێک بەهرەی نوێ دەکەینەوە، ئەمە وا دەکات مرۆڤی ئێمە لە تەمەنێکی زووەوە خەریکی خۆدەربڕین ببێت، کە لەمەوە ئەزموونی گەورەتر بەرهەم دێت. بایەخدان بە ئەدەبی منداڵ و لاوان جۆرێکە لە تێکشکاندنی سێنتراڵ و بەگژداچوونەوەی ئەو باوەڕە زاڵەیە، کە پێی وایە ئەدەب تەنیا هی گەورەیە. بە مانایەکی دیکە، گەشەکردنی ئەدەبی لاوان، واتە دەرکەوتنی کەناڵی دیکەی دەربڕین، کە ئەمە دەبێتە هۆی تێکشکانی ئەو سێنترالێزمەی ئەدەبی گەورانی لەسەر وەستاوە. وەک پێشتر گوترا دوای دەرکەوتنی ئەو فەلسەفانەی بە فەلسەفەی تێپەڕاندن ناسراون، ئەدەب زیاتر ئازادیی بە دەست هێنا و لە قاڵب و کلێشەکان دوور کەوتەوە. وای لێ هات نووسەری داهێنەر و ئەزموونگەر خۆی لە هەموو ئەو بابەتانە بدات و بە شێوازی جۆراوجۆر باسیان بکات، کە پێشتر بە لایدا نەچووبوون. من پێم وایە ئەگەر ئێمە لە قۆناغی سەرەتایی و ئامادەییدا گۆڤاری تایبەت بە خۆمان هەبوونایە، دەمانتوانی تەعبیر لە خواستەکانمان بکەین و ئارەزووەکانمان بسووتێنین، تا هی دیکەی گەورەتریان لێ بەرهەم بێت، نەوەک بیانکەینە تۆپەڵی ڕق و بۆ ئایینده‌یان هەڵبگرین. ئەو دەم هەندێکمان تێر دەبووین و هەندێکمان تینوویەتیمان نەدەشکا، بەڵکو بە شێوەی چاکتر بەردەوام دەبووین. بەشی زۆری نووسەری ئێمە بە گەورەیی دەردەکەون، بۆیە ئەو شتە سادانە دەڵێن، کە دەکرا لە سەرەتایی و ئامادەییدا بیانگوتنایە. زۆرجار بە هاوڕێکانم گوتووە ئەگەر دەبینن ئەو هەموو شەڕەجنێوە لەنێو نووسەرانی ئێمەدا هەن، ئەوە بەشێکی پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە بە گەورەیی ڕێیان کەوتووەتە ناو دنیای نووسین. نەیانتوانیوە ئارەزووە سادەکانیان لە کاتی خۆیدا دەربڕن، بۆیە لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەمڕۆیان هێناون. خوێندنەوە و نووسین کاتێ لە تەمەنی زووەوە دەست پێ دەکەن، پاڵ بە نووسەرەوە دەنێن بەردەوام بخوێنێتەوە و خۆی ماندوو بکات، بەپێچەوانەوە بە گەورەیی کەم فێر دەبێت، لە کاتێکدا ئارەزووی زۆریشی بۆ دەربڕین هەیە، چونکە بەردەوام داموەدستگە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان، قوتابخانە و ئەوانەی تر سەرکوتیان کردوون، بگرە بە چاوی نزم لێیان ڕوانیون و وزەیان کوشتوون. هەتا چەند ساڵ لەمەوبەریش ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی لە لاپەڕەکانی کۆتاییان گاڵتەیان بە بەرهەمی لاوان دەکرد و هەوڵیان دەدا تێکیان بشکێنن. ئەمڕۆ ئەو کولتوورە بە شێوەی تر درێژەی

هەیە. لێرەدا خاڵێکی گرنگتر لەوانە هەیە و دەبێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەویش ئەوەیە، کاتێ لە تەمەنێکی زووەدا دەست بە نووسین دەکەین، وردە وردە خۆمان لە بواڕێکدا دەبینینەوە، کە بتوانین خۆمانی بۆ تەرخان بکەین و تێیدا قووڵ ببینەوە، بێ ئەوەی لە بوارەکانی تریش دوور بکەوینەوە، بەوەی هەموویان پێوەندییان پێکەوە هەیە. بەشی زۆری نووسەری ئێمە، چونکە بە گەورەیی دەستیان پێ کردووە، بواری خۆیان نەدۆزیوەتەوە، بەڵکو لە هەموو بواڕێکدا کار دەکەن، ئەمڕۆ ڕۆمانnووسە، سبەی شاعیر و دووسبەی چیرۆکنووس و دواتریش ڕەخنەگر، بێ ئەوەی لە هیچیاندا قووڵ بووبێتەوە، بەڵکو بە شێوەی کیریۆسیتی (فزوڵی) هەندێک زانیاری پەیدا دەکات و بە سادەیی بە کاریان دەهێنێت. لەو کولتوورانەی لە ئێمە زیاتر هەنگاویان ناوە، خوێندنی گشتی ئاستێکی بەرزتری لەوەی ئێمەی هەیە. هەر قوتابییەک تا دەگاتە کلاسی هەشت و نۆ دەیان کتێبی گرنگ لە بواری جۆراوجۆردا دەخوێنێتەوە و کۆمەڵێک باسیش دەنووسێت، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری نووسەری ئێمە، تەنانەت لە بوارەکەی خۆیشیاندا دوو کتێبی گرنگیان نەدیوە، بۆیە کاتێ لە گوتار و گفتوگۆکانیاندا دێنە دەنگ، بە زمانی خەڵک کۆمەڵێک ڕستەی سادە دەردەبڕن، کە هەندێک جار دەتخەنە پێکەنین، واتە تا ئێستا قوتابخانە هیچ ڕۆڵێکی لەوەدا نەدیوە قوتابی بخوێنێتەوە و هەوڵی نووسین بدات. دواجار پێم وایە ئەدەبی میژدمندالْ دەکرێت هەم خۆیان بینووسن و هەم نووسەری بەتەمەنیش.

* دەتەوێت لەبارەی ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)ـەوە چی بڵێیت، کە نموونەیەکی ئەدەبی لاوانە؟

- کاتێ تەمەنم گەیشتە شازدە ساڵ، دروستتر کاتێ گەیشتمە قۆناغی ئامادەیی، هەستم کرد منداڵیم تەواو لە دەست داوە و وا خەریکە قۆناغی هەرزەکاریشم بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک بە سەر دەچێت، بۆیە ڕەشبینییەکی کوشندە گەمارۆی دام. بیری هەموو شتێکی منداڵیم دەکرد. بە مانایەکی دیکە وام دەزانی منداڵێکم و ون بووم، بگرە خۆم لە دەوروبەرێکدا دۆزیوەتەوە، کەسی تێدا ناناسم، تەنانەت ناتوانم لەگەڵیاندا بدوێم، بەوەی نە لێم تێ دەگەن و نە لێیان تێ دەگەم. لە خۆم دەپرسی ئایا ڕابووردووم بە جێ ماوە، یان پێشم کەوتووە؟ نەمدەزانی ئاخۆ دەبێت بۆ ئەو ڕابووردووە بگەڕێمەوە، یان بەرەو پێشەوە ڕا بکەم، تا پێی بگەمەوە، یان هەوڵ بدەم لە بیری خۆمی ببەمەوە؟ ئەگەر پێی گەیشتمەوە، پێویستە بیکوژم، یان لەگەڵ خۆمی بهێنم، یان بیکەمە جلێکی ئاوادامان و تا ماوم بیپۆشم؟ ڕاستییەکەی سەرم لەو هەستە سەیرە دەرنەدەچوو، بۆیە پەنام بۆ ناوەوەم دەبرد. وام دەزانی لە دەرەوە شتێک نەماوە دڵنەوایی خۆمی پێ بدەمەوە. دەتوانم بڵێم ئەدەبی بایۆگرافیا بە شێوەیەکی خۆڕسکانە لای من سەری هەڵدا، بەوەی نەدەکرا ئەو هەستەم لە ڕێگەی نووسینەوە دەرنەبڕم. بەر لەوەی یەک دێڕی (شۆپنهاوەر)، (نیتشە)، (هایدیگەر)، (کامو) و ئەوانەی ترم خوێندبێتەوە، چەمکی ئازار ڕووبەڕووم بووەوە. من لێرەدا هەمیشە دوو جۆر نووسەرم لە یەکتر جودا کردوونەتەوە، کە یەکەمیان، ئەوەی ئازاری خۆی دەنووسێتەوە و دووەمیان، بە شێوەی کیریۆسیتی لەبارەی ئازاری ئەوانەی ترەوە دەدوێت. یەکەمیان تەعبیر لە وجوودی خۆی و دووەمیان تەعبیر

لە شت دەکات، بۆیە ئەوەی دووەمیان شتێکی ڕووکەشە و ئاستی زمانی ڕۆژانە تێناپەڕێنێت، بەڵام یەکەمیان قوواڵە. بۆچی قوواڵە؟ چونکە تاکە. ئەوەی ئێمە لە کۆمەڵ جودا دەکاتەوە و بۆ (تاک)مان دەگۆڕێت، ئازارە، بۆیە تاک مێژووی هەیە، کە ئەو مێژووەی لەناو ئازار دامەزراندووە، هەر ئەویشە خاوەنی ئەزموونە. بێگومان ئازار شێوازیش دەدۆزێتەوە. ئەو نووسەرەی بە شێوەی کیریۆسیتی ئازاری ئەوانەی تر هەست پێ دەکات و دەینووسێتەوە، نابێتە خاوەنی شێوازی خۆی، بەڵکو هەر جارێ شێوازێک قەرز دەکات. لەم ڕۆژانەدا هاوڕێیەکم بە بیری هێنامەوە، کە لە پۆلی پێنجەمی ئامادەییدا گوتەی (ئازار مرۆڤ فێر دەکات) ی (ئیسکیلیۆس)ی شانۆنووسی یۆنانیم، لەسەر بەرگی یەکێک لە کتێبەکانمدا نووسیبوو، کە بە لووتکەی ترجیدیا ناسراوە. لە سەدەی نۆزدەمەوە چ فەلسەفە و چ سایکۆلۆجیایش ئەوەی بایەخیان پێ داوە، ئازار بووە، نەوەک ئاسوودەیی، کە هەر لێرەدا ئاراستەی ئێکسیستێنشالیزم چاو هەڵدەهێنێت، تەنانەت (ئەدۆرنۆ) دەگاتە ئەوەی بڵێت: (با بهێڵین ئازار بدوێت). پێشتر (نیتشە) هەموو ژیانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردووە قووڵایی ئازار دەربڕێت، بە تایبەتی لە کتێبی (جینالۆجیای مۆراڵ)دا. لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک نووسەرم ناسین، کە (دەستۆیفسکی) و (کافکا)م لە هەموویان جودا کردەوە، دواتر بە دنیای (جۆیس)، (بیکێت) و کۆمەڵێکی تر ئاشنا بووم. بۆم دەرکەوت نووسەرە داهێنەرەکان ئەوانەن ڕێگەیان داوە ئازار لە جیاتی خۆیان بدوێت.

وەک گوتم نەمدەزانی منداڵیم لە ڕابوردوو جێ ماوە، یان پێشم کەوتووە و جێی هێشتم، کە ئەمە ڕووبەڕووی پرسیاری (کات چییە)ی کردمەوە و پاڵی پێوە نام ئەو چەمکە تەنیا لەناو فیزیادا نەبینم، بەڵکو لە فەلسەفەیشدا بە دوایدا بگەڕێم. پێم وایە هەر خوێنەرێک بەرهەمەکانم بخوێنێتەوە، ئەو دوو خاڵە بە زەقی هەست پێ دەکات، واتە دەربڕینی قووڵایی ئازار و تێکشکاندنی زەمەن. ئەگەر بە تایبەت باس لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش) بکەم، دەڵێم وەک سەرجەم بەرهەمەکانی دیکەم لەناو ئەو ئازارەدا چاوی هەڵهێنا و ئەو تێگەیشتنەی بۆ کاتم هەبووە، تێیدا ڕەنگی داوەتەوە. ڕاستییەکەی وەک لە پێشەکییەکەیدا نووسیومە سەرەتا چیرۆکێکی تەواونەکراو بوو، بەڵام دواتر پێیدا چوومەوە و بۆ ڕۆمان گۆڕا. زۆرینەی کارەکتەرەکان منداڵ و مێردمنداڵن، بەڵام مانای ئەوە نییە بە لای گەورەییشدا نەچووە. هێندە هەیە گەورەکان بە ژیانی منداڵ و مێردمنداڵەکانەوە خەریک کراون. بە مانایەکی دی، پێچەوانەی زۆرینەی ئەدەبی کوردی، کە منداڵ و مێردمنداڵ لە پەراوێزی دنیای گەورەدا دەردەکەون، لێرەدا ئەو پەراوێزە هەڵگیراوە. هەندێک پێیانوایە زمان و تەکنیکی ڕۆمانەکە هی گەورانن، کە من لەگەڵیاندا هاوڕام، بەڵام دەڵێم ئەمە بایەخە بە دنیای منداڵ و مێردمنداڵ. ئەگەرچی لەسەر بەرگی نووسراوە (ڕۆمانی لاوان)، مانای وا نییە بۆ تەمەنێکی دیاریکراو نووسراوە.